# دیوی د ووەمی زەمەن

خەونە کریستاڵی یەکانی پەناگەی ڕۆح

دیدە دیل و کەنەفتەکان

وەك ڕەشماری پەپکە خواردووی ئەم زەمەنە پێچاو پێچە

دێن پنتکی دڵ دەکەن بە حەشارگەی زام

تۆش وەك نێچیر دەکەویە دوای دەنگی پێی خەم

داچۆڕانێکی لەسەر خۆ

ئەژنۆت دێنێتە دڵۆپەی ماندوو بوون و

نیگات دەکات بە بێژنگی بینینێکی ئەفسووناوی

گەڕان دەبێتە ئاورینگ و

دڵۆپ...دڵۆپ...دەڕژێتە سەر پشتی زەمەن

دەنگت لاڵە و هاوارەکان زمانیان لە زیندان ناوە

تۆ پێدەشتی لۆژیکەکان پەی دەکەی و

بە شوێن ڕۆحی ئەو مانایەی

کە مانای خۆی لە دەست داوە

دەپەڕیەوە بە سەر پشتی ئەو ووشانەی

خوێ دەکەنە نێو برین و

شڕۆڤەی کات لە سنگ دەدەن

چی زارۆکەی کارەساتە

دەبنە هەڵمی سپی و دەفڕن

پەیژەی بوونت دەخەیتە سەر شان و ملی بیر کردنەوە و

لە قەد پاڵی (ئێستا)کاندا

لەگەڵ بەردە بێ بەزەیی یەکەی سیزیفی ئازار شکێن

گۆرانی خلۆر بوونەوەت لەسەر زارە

شار،خاڵێکی ڕەونەقداری زەمەنێکی گورج و گۆڵە
باڵداریکە و باڵ کراوە
پۆلە گوناهێکی قژ کورت
وەك نەرمە غار،لە لاملی ڕێ ئاڵاوە.
سیما لە خۆ بە فێڵەکان،وەك تاوانێك ئەنجام بدەن
خۆ دەخزێننە نێو قەڵشتی دیواری ڕۆح.
جار نە جارە سەر سمدانی ڕوانینێك گۆرانی دەڵێ
تۆش بێ ئەوەی ڕا بچڵەکی
خەوی غەفڵەت دەتباتەوە
لەو دیو سنوور بێ ئاگایی
توانەوە دەکەی بە کەوڵی خۆ شاردنەوە
ئیستێك بێدارت دەکات و
جارێکی تر لە نێو حەوزی تەڵخی وون بوون
نقووم دەبی!
غەددارە...سەما غەددارە
سەمای سووتان
سەمای توانەوە لە غەفڵەت
سەمای ووشك بوونی عەتف وبەهای ژیان
سەمای مەرگی گشت ڕەنگەکان
سەمای جوانی و وورد بوونەوە لە حەقیقەت.
دێم ڕێ دەکەم بە سێبەری ئەو تیشکانەی
بۆن بە تەنیایی یەوە دەکەن
لە لاپاڵی کێوی حەز و
لە تەنیایی ئەو کۆڵانە جوانەمەرگە و
لە هەورازی پشتی کۆمی هاوارێکا

برین دەکەم بە باوەشێنی زایەڵەی خامۆشی تۆ

(ئێستا)کەی تۆ وەك پەلەی بێ

بگات بەو خەونە سپی یانەی

فرچکیان بە ساتمە و خەم و ئاوڕدانەوە کەوتبێ

هەنگاوی لەسەر شان ناوە

بۆ گەیشتن بەو جوانی یەی دژ بە جوانی و جوانکاری یە

ئەمێستاکە (ئێستا)کەی تۆ،خۆی داوەتە پاڵ دیواری

داڕمان و نەوی بوونەوە بۆ کەمەر

بۆ ناو قەدی باریکە ڕێی ئەو داهاتووەی

ڕابردووی کرد بە خۆڵەمێش

میلی سەعاتی بێ هەستیت لە چەپەوە بەرەو ڕاست و

ئینجا بەرەو دیوی دووەمی کاتەکان

سواری پشتی چرکە ئەبێ و

بازنە شعورێکی کەنەفت بەدەوری خۆتا ئەکێشی.

چڕ بوونەوە لە قۆزاخەی(ئێستا)کانی ئەو دیو زەمەن

باڵ دەکێشێ بەسەر گەردوونی بێ خەمیت

غەددارە...سەما غەددارە

سەمای گەشتی پشت کاتەکان

سەمای گۆڕەپانی خەونە تام کاڵەکان

سەمای وون بوونی لۆژیکی جووڵەی ڕۆتین

سەمای چڕ بوونەوەو قەتیس مانی تەمەن

سەمای دووەم دیوی زەمەن

..................................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

..................................18-03-1999

.................................ڤانکوڤەر/کەنەدا

تێبینی/ئەم شیعرە لە گۆڤاری (شیعرستان)بڵاو بۆتەوە.